# ئەدەبیاتی نامە
# و
# نامە لای مەولەوی تاوگۆزی



حەسەن نازدار

MAWLAWI.KRD

ئارابی
ابو لطیف
کتێبخانەی
محەمەد عەلی هەرەدنی
مێژوو:

# ئەدەبیاتی نامە

# و

# نامە لای مەولەوی تاوگۆزی

حەسەن نازدار

MAWLAWI.KRD

ناوی کتێب : ئەدەبیاتی نامە و نامە لای مەولەوی تاوگۆزی
نووسەر : حسن نازدار
تایپ و هەڵەچن : کۆمپیوتەری ئاوێنە (احمد حبیب محمد)
دیزاین و بەرگ : شاخەوان غریب )
چاپی یەکەم : ٢٠١٠
شوێنی چاپ: چاپەمەنی سایە – سلێمانی

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی ( ١٥٠٥ ) ساڵی ( ٢٠١٠ ) ی پیَ دراوە.

## دەستپێک

مێژووی ئەدەبیاتی کوردی زۆر کۆنەو کۆنی ئەم ئەدەبەش دەگەڕێتەوە بۆئەو جۆرە ئەدەبەی کە بەئەدەبی سەرزارەکی ناسراوە کەخۆی لەهۆنراوەی فۆلکلۆری وحیکایەت وداستانی میللی وئەفسانەو پەندی پێشینان وچیرۆکی فۆلکلۆری و...هتد، دەبینێتەوە وئەم ئەدەبەش گەنجینەیەکی دەوڵەمەندو پڕبەهایە بۆ مێژووی ئەدەبیاتی گەلەکەمان، کەڕەسەنایەتی میللەتی کوردپیشان دەدات، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج ودڵگرانیە درەنگ هاتنە کایەی ئەدەبیاتی نووسراوە لەنێو گەلی کوورد، کە مێژووەکەی هێندە نزیکە مرۆڤ شەرم دایدەگرێت کاتێک سەرەتاکانی ئەو مێژووەی ئەدەبی نوسراومان لە هەردوو بواری شیعرو پەخشاندا تۆماردەکەین، بۆنمونە:-

کۆنترین و یەکەمین دەقی شیعری نوسراوی کوردی بە پێی ڕای شارەزایان ولێکۆڵەرانی شیعری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ یادگارەکانی

باباتاهیری هەمەدانی کەبە شێوەزاری لوڕی نوسراوە کەلەساڵەکانی دەوروبەری (١٠١٠)ز ژیاوە.

یاخود پەخشانی نووسراوی کوردی زۆر لەمەش درەنگتر دەرکەوتووە ،ئەویش تەنها لەهەردوو شێوەزاری (کرمانجی ژوورو-کرمانجی خواروودا) کەسەرەتاکانیان دەگەڕێتەوە بۆ (کتاب صرف لسان کردی) عەلی تەڕەماخی (١٥٩١)زکەلە ساڵی(١٨٤٩-١٨٥٠)ز مەلا مەحمودی بایەزیدی ڕوونوسی کردووە،هەروەها (لب العقائد الکردی)، مەولانا خالیدی نەقشبەندی‌کەلەساڵی (١٨١٩)ز نووسیوویەتی، بەلآم بەشێوە زارەکانی (لوڕ-زازا-هەورامی)ئەوە هەرنیەو ڕنگە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کزبونی ئەم شێوە زارانە ونەبونی دەقی پەخشانی نووسراوبێت، یاخوود تاقی نەکردنەوەیان بێت لە بواری ئەدەبیاتی پەخشانیدا، ئەمەش خۆی بۆخۆی گرفتێکە کەزمانی تووشی بەر تەسک بوونەوە تەریک بوونەوە کردووەونەی هێشتوو وەئەم شێوەزارانە تێپەڕێنن بۆ قۆناغی نووسراوی پەخشانی، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد کەگەلێکی ژێردەستەبووین ویەکێک لەهۆکارەکانی مانەوەمان پارێزگاری کردنمان بووە لە زمانەکەمان ،هەرچەندە هەندێ جار زۆری شێوەزارو نووسین پێیان کاریگەری خراپی دەبێت بۆ سەر دروستکردنی زمانی ستانداردکە بۆ میللەتێکی وەک کوورد زۆر پێویستە ،ئەوەی لێرەدا مەبەستی سەرەکی

ئیمەیە وپەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیـە ،ئـەدەبیاتی نامـە نوسـینەکە لـەنێو گەلاندا گرنگی زیاتری پێد راوە، بەلآم لەنێو گەلی کـوردا کـەمتر گرنگـی پێدراوە ونامەی نوسراومان هەروەکو ئەدەبە کەمان مێژوویەکی زۆر نزیکی هەیە ولێکۆڵینەوە ش لەوبارەیەوە زۆر کەمەو تـەنها بەهـەردوو شێوە زاری کرمانجی خـوارو کرمـانجی ژوورو نامـەی پەخـشانی نوسـراومان هەیـە و تائێستاش بەشێوەزارەکانی تر بەتایبەت شێوەزاری (هەورامی) کـە ماوەیـەک بـاو بـووەو شـیعریان پـێ نووسـیووە،هیچ دەقێکـی نامـەی پەخـشانی بەرچاوناکەوێت کەبەو شێوەزارانە نووسـرابێت، هـەتاوەکو یەکـەم نامـەی کوردی کە بەپێنووسی مەولەوی تاوگۆزی کە بۆ ئەحمەد بـەگی کۆماسـی کەهەردوو کیان بە شێوەزاری (هەورامی) شـیعریان نووسـیووە، نامەکـەی مەولەوی بۆ ئەم پیاوە بە شێوەزاری سۆرانی (جـافی) نووسـراوە، کەدە بـوو بەشێوە زاری هـەرامی بینوسـیایە بـەلآم نـازانین بـۆ نـەی نووسـیوە؟ یـاخود هەنـدێ لـە شـێخەکان کەنامـەیان بـۆ نـەوەکانیان نووسـیوە بـە شـێوەزاری سۆرانی نووسیوویانە، بێجگـە لـەوەی هەنـدێ نامەشـیان یـاخوود زۆربـەی نامەکانیان بەزمانەکانی چوون فارسی وعەرەبی نووسیوە، هەرچۆنێک بێـت ئەم بابەتەی کەلە بەردەستدایە لەسەر ئەدەبیاتی نامەیـە بەگـشتی و ئـەدەبیاتی نامەیە لای ڕێبازە سۆفیگەرەکان بەتایبەت شـاعیری گـەورەی گەلەکـەمان مەولەوی تاوگۆزی کە سـۆفی وعـارف وزانایـەکی گـەورەی گەلەکەمانـە

وخاوەنی یەکەم نامەی پەخشانی نووسراویشە، دیارە لەکتێبخانەی کو ردیشدا لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر ئەدەبیاتی نامەنیە یاخود هەشبێت هێندە کەمە بە پەنجەکانی دەست دەژمێرێت، بەهیوای ئەوەی ئەم بابەتە سوودێکی هەبێت و بۆشاییەکی بچوکی پڕکردبێتەوە، تێبینی و پێشنیارە بەسودەکانی ئێوەش ئەم بابەتە زیاتر دەوڵەمەند دەکات بۆ چاپەکانی تری ئەم بابەتە.

**حسن نازدار**

MAWLAWI.KRD

*– نامە چییە ؟

نامــە بریتیــە لــەدەربڕینی هەســت وســۆزو دەرخــستنی هــەموو ئــەو شتانەی کەلەناو ناخی کەسێکدا کەڵەکە بوەو مەبەست لـەم کـارەش نیـشاندانی ڕووی خۆشەویـستی یـان سەرزەنـشت و گلــەیی یـاخود ئاشکرا کردنی نهێنـی و بەخـشینی زانیـاری و هەواڵـە یـان بانگهێـشت کردنە ، بەرامبەر کەسێك یان لایـەنێك کـەوا کەسـی نوسـەر نامەکـەی ئاراستە دەکات . جا ئەگەر نامەکە بەسەر زارەکی بوو یاخود نوسـراو ، ئەگەر کێش وسەروای هەبوو ئەوا نامەکە نامەی شیعری یـەو ئەگـەر ئەم سیفەتانەشی تێدانەبوو ئەوە نامەی پەخـشانیە، کەواتـە دووجـۆر نامە هەیە (نامەی پەخشانی و نامەی شیعری).

*– بەراییەك بۆ مێژووی نامەو نامە نووسین :–

ووشەی نامە لە (نام)ی فارسییەوە وەرگیراوە ، هەنـدێ جـاریش وەك پاشکۆ بەکاربراوە وەك فەرهەنگنامە، مەولودنامە، پەخشاننامە ،.... هتد ،لە زمانی پەهلەویشدا (نامەك–Namak) لە (نام)ەوە یە ،کـە نوسراوەو نامە گۆڕینەوە دەگرێتەوە . هەروەها هـەر لـە پەهلەویـشدا (کەتا – Kata) فەرمان – نامە دەگرێتەوە . لە فرهـەنگی عـەرەبی فارسیـشدا لەمەڕنامــە دەبێــژێت ،نێوێکــە لــە (ارســل) هــەناردن ، (لەپەیامبــەری ، نــام بەرییــەوە هــاتووە) ، ئینگلیزەکـانیش ووشــەی

(Litter) یان بۆ ئەم واژەیەبەکاربردوە . نامە بەدرێژای مێژوو گەلێك ئالوگۆڕو گوڕاکاری بەسەردا هاتووە، چ لەڕووی جۆرو شێوازەوە بێت یاخود ناردن وئاستەکرنی، هەتا ئێستاش هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ لە بەردەست دا نییە، بۆ دیاریکردنی یەکەمین نامەی نوسراو لە مێژوودا.

دەتوانین یەکەمین نامەش بەوە دیاری بکەین کە خودا لەلایەن نێردراوەکانیەوە لە ئاسمانەوە بۆ مرۆڤەکانی سەرزەوی ناردووە . هەر بۆیەشە خودای مەزن نێردراوەکانی خۆی بە (الرسول) پەیامبەرو پەیامەکەشی بە (رسالە) ناو بردوە. وەك چۆن خودای مەزن لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (یا قوم لقد بلغتم رسالە ربی) الاعراف — ٧٩ .

وەك لەپێشەوە گوتمان هەتا ئیستاش هیچ نامەیەکی نوسراو وەك یەکەمین نامە لەنێوان مرۆڤەکاندا لەبەر دەست دا نیە و مێژووی نامە نوسینیش زۆر کۆنترە لە مێژوی ئەو نامە نوسراوانەی کەئێستا لەبەر دەستدان و لەبەردی ئەشکەوتەکان و خشتی سورەکراوەوپێست و کاغەز نوسراونەتەوە .

سەرەتا نامە بەرلە پەیدابوونی وەك ئێستا و داهێنانی نووسین ، زیاتر بەدەمی یا خود زارەکی گەیەنراون ، یاخود بەهۆی نیشانەی وەك ئاگر و ڕوناکییەوە بوەو پاش پەیدابونی نووسینیش سەرەتا نامەکان

لەسەر بەردی ئەشکەوتەکان وخشتی سورەوە کراو پیتی وێنەی یاخود بزماری نووسراون ، زیاتریش ئەم نامانە بۆ ئایندە بوون واتە مەبەستیان گەیاندنی هەواڵ و ڕووداوەکان بووە بەکەسانی دوای خۆیان ، بەلاَم لەتەك پەیدابوونی نوسینیش لەسەر پێست ، کاری نامەنوسین ئاسان بوە و پێستەئاژەڵ دوای ئەوەی لە ئاگردا سورکراوەتەوەو خۆشەکراوە بۆ نووسین لەلایەن ئیمپراتۆرو سەرکردەکانی جیهانەوە بەتایبەت شارە دەوڵەتەکانی ئەسیناو ئەسپارتەی یۆنان و ڕۆمەکانی ئەوروپاوە ، ڕەنگە ناودارترین نامە نوسراوەکانیش لەسەر پێست نامەکانی پێغەمبەری ئیسلام (محمد . د.خ) بۆهێرقلی ڕۆم و کیسرای ئێرانی و نەجاشی حەبەشەو پادشایانی سەردەمی خۆی کە هەتا ئێستاش هەندێ لە نامەکانی پێغەمبەر (د.خ) پارێزراون و گرنگی خۆیان لەدەست نەداوە وەك هوموو نامەکانی تریش مۆری تایبەتی خۆی لەسەر نەخشاندوە ، دوای پێغەمبەریش لەسەردەمی خەلیفەی ڕاشیدین گەشتە ئاستێکی بەرزو زاراوەی (رسالە) هەر نووسراوێکی دەگرتەوە کەیەکێ بۆ یەکێکی تری بنێرێت ، تەناتەت ( شیعر) گۆڕینەوەش لەناو دووکەسدا بە (رسالە) ناسراوە .ئەڵبەتە بەر لە ئیسلامیش (رسالە — نامە )لەسەردەمی نەزانیندا (جاهیلی) وەك زاراوەیەك لەناو عەرەبەکاندا هەبووە و ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر کەرەستەی

پیتەكانی (ر، س، ل) (رسول) بەمانای (قطیع) (ڕان – ڕەو)ی مەڕو حوشتری گرتۆتەوە .ئەوجا بەرەبەرە بووە بە (رسالە) بۆ گێڕانەوەی هەواڵێکی سەرزاری لەنامە هەنێرەوە هاتووە بۆ نامە وەرگر .

دوای ئەوەی كە ١٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر كاغەز لەسەر دەستی چینییەكان دروستكراو پاشان گەشەی پێدراو دنیای بەڕووداكراوە ، ئەوكات دەرگایەكی نوێ بەڕووی نامە نووسین و كتێبدا كرایەوە و ئەدەبیاتی نامەنووسین لەم قۆناغەدا گوڕوتینێكی بەرچاوی بەخۆیەوە دی و كاری نامە نووسین ئاسانكاری یەكی باشی بۆكراو لەسەدەكانی حەقدە و هەژدە دا هونەری نامە نووسین گەشتە چڵە پۆپە ، چونكە خەڵكی لەم سەردەمەدا كاتی بێ كارییان زۆر بوەو كاتەكانی خۆیان لەنێو كۆڕە ئەدەبی وهونەریەكاندا گوزەراندوە كە لەو سەردەمەدا لەئەوروپا باوبووە .پاش ئەوەش هونەری نامە نووسین بەچەندان هەورازو نشێودا تێپەڕیووە هەتاوەكو گەشتووەتە ئەمڕۆی خۆی كەسەردەمەكەمان بەسەردەمی پیشەسازی وتەكنەلۆژیا ناوزەد دەكرێت. لەناو نامەدا گەلێك نهێنی ئاشكرا دەكرێت . كەلەكاتەكانی تردا ناكرێت بگوترێت و ئەمەش لەوەوە هاتووە كە ئەو كەسە نامە دەنووسێت وادەزانێت تەنها خۆی و ئەوكەسەی نامەكەی بۆ دەنووسێت دەیبینێت. بۆیە لەناو نامەدا هەست وسۆزی ڕاستەقینەی كەسەكان بەبێ هیچ ڕووپامایییەك

دەخرێتە ڕوو ، هەر بۆیە زۆربەی کات ئەدەبیاتی نامە مێژووی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە تیایدا نووسراون . بەتایبەتی ژیاننامەی گەورە پیاوان و ئەدیبان و هونەرمەندان و.......

*- ڕێگاکانی گەیاندنی نامە:-

هەر لەسەرەتای پەیدابوونی نامەوە گەلێك ڕێگای جۆراو جۆر بەکارهێنراون بۆ گەیاندنی پەیامی نامەکان ، وە ئەو کەسانەشی کەنامەکانیان دەگەیاند لەکەسی نێرەرەوە بۆ خوێنەرەکەی پێیان دەوتن (پەیك) یا (پەیامبەر) یاخود (نامەبەر )یان (تەتەر).

ئەمانەی خوارەوەش ئەو ڕێگایانەن کەهەر لەسەرەتاوە تا ئیستا نامەیان پیێ گوێزراوەتەوە :-

١-ڕێگای وشکانی :-

ئەم ڕێگایە بە کۆنترین جۆری گواستنەوە ی نامەدادەنرێت، سەرەتا بەر لەپەیدابوونی شەمەندەفەرو ئۆتۆمبێل زیاتر نامەکان لەڕێگای مرۆڤەوە بەپیادە یاخود بەسواری ئاژەڵەوە گواستراونەتەوە . ئەمەش بەپێ ی دوورو نزیکی ئەو شوێنەی کەنامەکەی بۆ براوە گۆڕاوە ، هەندێك جار نامەکە لەلایەن کەسێکەوە گەیەنراوە ، بەڵام ئەگەر شوێنەکە دوور بوایە لەلایەن چەند کەسێکەوە لەچەند

## تـــەواو

## سەر چاوەکانی ئەم نووسینە

١– نامە نگاری –بهنام اندیش
٢– ئەدەبی نامە نووسی کوردی بەرگی ((یەکەم – دووەم – سێیەم ) کەمال ڕەئوف محمد – دەزگای ئاراس – ٢٠٠٤ – .
٣– دەقەکانی ئەدەبی کوردی . عەلادین سەجادی – ١٩٧٨.
٤– تەسەوف چییە ؟ ئـەمین شێخ عەلائـەدین نەقشبەندی – چاپی دووەم .
٥– سۆفیگەری – د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان . دەزگای موکریان – ٢٠٠١ .
٦– سۆفیزم و کاریگەری لەبزوتنـەوەی ڕزگاریخوازی نەتـەوەی گـەلی کورد– د. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ.
٧– یادی مەردان– بەرکی یەکەم – ملا عبدالکریم مودڕیس – ١٩٧٩ .
٨– مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی . سەیید تـاهیر هـاشمی – و:–دلێر میرزا خانەی وەرگێڕان . ساڵی –٢٠٠٤ .

٩- دیوانی مەولەوی - مەلا عبدالکریم مودەڕیس - ١٣٧٨ - انتشارات کردستان .

١٠- رساله عشق لەمەولەوی ناسیدا. سۆران سنەیی - ١٣٧٠- انتشارات صەلاحدین .

١١- یادی مەردان - بەرگی دووەم . مەلا عبدالکریم مودەریس - ١٣٨٥- انتشارات کوردستان - کوردستان .

١٢- مەولەوی و تەقینەوەی زمان - حکیم مەلا صالح - دەزگای ئاراس -٢٠٠٨ .

١٣- بوژاندنەوەی میژووی زانایانی کورد . بەرگی هەشتەم - محمد علی قەرەداغی -دەزگای ئاراس - ٢٠٠٨ .

١٤ - گۆڤاری میژوو - ژمارە (٣) هاوینی ( ٢٠٠٧) ز

١٥- گۆڤاری هەڵەبجە - ژمارە (٨) پاییزی (٢٠٠٦)

١٦- گۆڤاری هەورامان- ژمارە(١١) ساڵی (٢٠٠٨).

# پاشکـــــــــــۆ


بسم الله الرحمن الرحيم محمد رسول الله

نامەی پێغەمبەر (د.خ )



مەزاری مەولەوی



دەستنووسە تازە دۆزراوەکەی مەولەوی


دەستخەتی مەولەوی









MAWLAWI.KRD



نامەی بێ نوختەی مەولەوی